**ئەنجومەنی پەنابەران (Refugee Council) دامەزراوەیەکی خێرخوازە کە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە بواری کارکردن لە داواکارانی پەنابەری و پەنابەراندا هەیە. ئێمە چەندین جۆر خزمەتگوزاری بەخۆڕایی و بە چەندین زمان پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی پێداویستییەکانت جێ بەجێ بکەین.**

## ئێمە چی دەکەین؟

خزمەتگوزاریی یەک وێستگە (One Stop Service) ئەنجومەنی پەنابەران لە West Midlands یارمەتی داواکارانی پەنابەری و پەنابەران لە Birmingham و دەوروبەری، Wolverhampton، Stoke-on-Trent وCoventry دەدات.

ئێمە دەتوانین بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی گوزەرانی ژیان و شوێنی حەوانەوە کە لەلایەن فەرمانگەی سنوور و کۆچبەری (UK Border Agency - UKBA). وە دابین دەکرێن یارمەتیت بدەین.

**تکایە سەرنجی ئەوە بدە کە ئەنجومەنی پەنابەران بەرپرس نییە لەو بڕیارانەی وا دەربارەی داواکاریەکانت لە UKBA یان بۆ داواکردنی پەنابەری ئاراستەیان دەکەیت.**

**ئەگەر داواکارێکی پەنابەریت کە بەم زووانە گەیشتوویە بریتانیا، ئەوا ئێمە دەتوانین:**

- یارمەتیت بدەین پشتگیری گوزەرانی ژیان و شوێنی حەوانەوە وەربگریت و سیستمی پشتگیریی حکومەت لە پەنابەرانت بۆ روون دەکەینەوە.
- ئەگەر مافی وەرگرتنت هەبێت ئەوا شوێنێکی حەوانەوەی بەپەلەت بۆ دەدۆزینەوە.
- پێت دەڵێین چی روو دەدات کاتێک لە شوێنێکی تری بریتانیادا شوێنێکی حەوانەوەت پێدەدرێت ("شوێنی پەرەوازەکران").
- سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی تر کە دەتوانن یارمەتیت بدەن زانیاریت پێدەدەین.

**ئەگەر داواکارێکی پەنابەریت و ئێستاکە پشتگیری لە UKBA وەردەگریت، ئەوا ئێمە دەتوانین:**

- بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە لەوانەیە بەهۆی سیستەمی UKBA وە بێنە ئاراوە یارمەتیت بدەین.
- هەموو ئاڵوگۆڕێکی ژیانت بە UKBA رابگەیەنین.
- یارمەتیت بدەین بەسەر ئاستەنگەکانی شوێنی حەوانەوەتدا زاڵ بیت.
- سەبارەت بە رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی پەنابەری یان ئەو فەرمانگەیانەی وا پشتگیرییەکی درێژخایەن پێشکەش دەکەن زانیاریت پێبدەین.

ئەگەر حکومەت داواکاریەکت بۆ گوزەرانی ژیان و شوێنی حەوانەوە رەت بکاتەوە ئەوا دەتوانین یارمەتیت بدەین داوای پێداچوونەوە بکەیت. تکایە سەرنجی ئەوە بدە کە ئەنجومەنی پەنابەران لە ئاکامی پێداچوونەوە بەرپرس نیە.

### فەرمانگەی سنوور و کۆچبەری (UK Border Agency - UKBA)

ئیدارەیەکی حکومییە کە بەرپرسە لە دابین کردنی پشتگیریی گوزەرانی ژیان و شوێنی حەوانەوە بۆ داواکارنی پەنابەری.

- ئامۆژگاری و یارمەتی بۆ ئەو منداڵانە پێشکەش بکەین کە جیابوونەتەوە و تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە.
- دوای ئەوەی بڕیارێکت سەبارەت بە داوای پەنابەریت وەرگرت لە مافەکانت و ئەرکەکانت ئاگادارت دەکەین.
- بە تەلەفۆن ئامۆژگاریت بۆ دەستەبەر دەکەین.

**ئەگەر پێویستیت بە راوێژکاریی یاسایی هەبێت**

ئێمە راوێژکاریی و نوێنەرایەتی کردنی دەستەبەر ناکەین بەڵام دەتوانین سەبارەت بە یاوبوونەکانت و واتای یاساکان ئامۆژگاریت پێ بدەین. ئەگەر نەتوانین خۆمان یارمەتیت بدەین، ئێمە لیستی نوێنەرانی یاساییت پێدەدەین یان بۆ لای ئەوان حەواڵەت دەکەین.

### وەرگێڕ

ئێمە وەرگێڕ و کارگێڕمان هەن کە دوو زمان دەزانن و دەتوانن لەبارەی زمانەوە یارمەتیت بدەن.

**Kurdish (Sorani)**



# ئهنجومهنٍ لّهنابهران (Refugee Council) ڕ West Midlands صڤۆن دهتوانێ یارمهتیت بدات؟

REFUGEE COUNCIL

## چۆن دێیە لامان:

**Refugee Council Birmingham Office**
3 Lionel Street, Birmingham B3 1AG
**ژمارەی تەلەفۆنی سویچبۆرد:**
**0121 234 1950 -** لە ڕۆژانی دووشەم، سێ شەم، پێنج شەم و هەینی لە کاتژمێر 9.30 ی بەیانی تا 5 ی دوای نیوەڕۆ کراوەتەوە
هێڵی ڕاوێژکاری: **0121 234 1971** لە ڕۆژانی دووشەم تا هەینی لە کاتژمێر 9.30 ی سەر لە بەیانی تا 5 ی دوای نیوەڕۆ کراوەتەوە
**www.refugeecouncil.org.uk**
**بە پاس:** 7, 16, 16A, 46, 46A, 91, 74, 79, 91, 424
**بە شەمەندەفەر:** بەپێ بیست خولەک لە وێستگەی شەمەندەفری New Street یان 10 خولەک لە وێستگەی Snow Hill دوورە. ئەنجومەنی پەنابەران لە بەرامبەر شوێنی پارک کردنی ئۆتۆمبیل لە Lionel Street NCP هەڵکەوتوە.




REFUGEE COUNCIL

OISC
No: N200100132

Community Legal Service

British Refugee Council (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No. 2727514] and a registered charity, [No. 101445776]. Registered office: 240-250 Ferndale Road, London SW9 8BB, United Kingdom. VAT reg no: 936 519 988

## چۆن کەڵک لە خزمەتگوزاریی ئێمە وەردەگریت

دەتوانی لە ڕۆژانی دووشەم، سێ شەم، پێنج شەم و هەینی لە کاتژێمر 9.30 ی بەیانی تا 5 ی ئێوارە سەردانی نووسینگەی Birmingham ئێمە بکەن لە ڕۆژانی چوارشەممەدا بەتەنیا خزمەتکاریی فریاکەوتنی پێشکەش دەکەین.

ئەگەر لە **Stoke-on-Trent** دەژیت دەتوانیت لە نێوان کاتژمێر 10 ی سەر لە بەیانی و 4 ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژانی هەینی سەردانی خزمەتگوزاریی هەفتانەی ئێمە بکەیت لە:

**Refugee Council Stoke-on-Trent outreach service**
Piccadilly Centre, 59 Piccadilly,
Hanley, Stoke-on-Trent ST1 1HR

کاتێک سەرمان لێ دەدەیت تکایە بەڵگەنامەی UKBA و هەموو بەڵگەنامەکانی پەنابەریت لەگەڵ خۆت بێنە.

**تکایە سەرنج بدە:** بە پێی سیستەمی نۆرەیی کار دەکەین و ئێمە لە ڕۆژێکدا دەتوانین چاومان بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە سەردانکەران بکەوێت، و ئەو کەسانەش پێویستە پێشەکی مەوعید وەربگرن. ئەگەر دەتەوێت لە هەمان ڕۆژ چاوت پێمان بکەوێت ئەوا ئامۆژگاری ئێمە ئەوەیە کە لەنێوان کاتژمێر 9.30 – 10 ی بەیانی لە نووسینگەکەمان ئامادە بیت.

ئەگەر پرسیارێکی بەپەلەت هەیە، تکایە لە ڕۆژانی پێنج شەم و هەینی سەردانی نووسینگەکەمان بکە. ڕۆژانی هەرە قەرەباڵغ دووشەمان و سێ شەمانن.

ئەگەر دەتەوێت گازندەیەک سەبارەت بە هەر لایەنێکی خزمەتگوزاری ئێمە ئاراستە بکەیت، تکایە داوای پرۆسەی گازندە و فۆرمێکی گازندە کردن بکە. هەموو گازندەیەک بە وردی توێژینەوەی لەسەر دەکرێت.

بلاڤۆکەکانی وەرگێڕدراوی ئەنجومەنی پەنابەران دەستدەکەون لە: http://languages.refugeecouncil.org.uk

**Published in February 2010**